# بەرز و بەڕێز بێ ١٠ی خەزەڵوەر، ڕۆژی پێشمەرگەی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

بێهرووز

مێژووی موبارزەی خەڵکی کوردستان پڕە لە هەواز ونشێو، سەرکەوتن، تێشکاندن، وخۆڕاگری وسەروەری، بەتایبەت لەم قوناغەی ٣٠ساڵی ڕابردوودا. شۆڕشی گەلانی ئێران کە بە پێشەنگی خەڵکی کوردستان و بەرێبەری کەسایەتیە ئاایینی و سیاسی وشۆڕشگێڕەکان گەیشتە لوتکەی سەرکەوتن، بەداخەوەئاکامی نیگەتیڤی لێ کەوتەوە وئەوانەی لە پێشەوەی ڕاپەرین بوون بە دڕندانەترین شێوە هێرشیان کرایە سەر.خومەینی وهاوبیرەکانی کە بەر لە شۆڕشی گەلانی ئێران ولە سەرەتای ڕاپەرین ،باسی یەکسانی وماف بۆنەتەوەکان وئازادی وداهات بۆ هەموو خەڵکیان دەکرد،لەدوای سەرکەوتن بە سەر نیزامی پاشایەتی وهەست کردن بە قەرەباڵغی دەوروبەریان بەڵێنی وقسە کانی خویان خستە ژێرپێ وتەنانەت لە چەند جار ووتووێژدا، خومەینی هیچ نەرمییکی لە خۆی نیشان نەدا ،بەڵکووبەقسەگەلێ وەك (همە باید مسلم ومتحد باشیم)ئەبێ هەموومان موسوڵمان ویەکگرتوو بین وەڵامی داخوازیەکانی نوێنەرانی کوردی نەداوە.دیارەدرێژەدانی ووتووێژ لە گەڵ کورد بەو ئامانجە بوو کە تانیزامەکەیان پێ بگرێ وڕابوون وڕاپەرینی ماف خوازانە مەهار بکەن، وەك ڕوونە خومەینی لە بەرنامەیدا نەبوو ماف بدا بە خەڵکی کورد ونەتەوەکانی دیکە. ئیدئولوژی خومەینی وهاوبیرانی، جێگەی دابەش کردنی دەسەڵاتی تێدا نەبووەونیە، بەوپێیە هەرجۆرە مەجالێك بۆ ووتووێژودیالۆگ لە هەمبەردەستەبەرکرانی مافە نەتەوەیی وئایینی وکۆمەڵایەتییەکان کوتانی ئاسنی سارد بوو. خومەینی ودارودەستەکەی هەرکە جێگەیان قایم بوو بە داتاشینی هێندێك بیانوی بێ بنەماو دور لە ڕاستی دژایەتی خۆیان لە گەڵ خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند و بە هێنانە ئارای قسە و باسی بێ نێوەڕۆك وەك بەکرێگیراوی ئیسرائیل وکومونیست وکافر، هەوڵەکانیان لە پێناوهەڵخراندنی هەستی ڕەگەز پەرەستی وپەرەپێدانی بیری چەوتی ئاخوندان لە دژی گەلی کوردستان چڕ کردەوەو ئەوەی پێیان کرادرێغیان لێ نەکرد. ڕوداوەکانی پاوەودەستبەسەرکردنی ژنانی موسوڵمان لە مزگەوتی جامیعەی سنە بوونەبیانویك بۆ خومەینی کە فەرمانی جیهاد لە دژی خەڵکی کورد ڕاگەینی وئاڵقەلەگوێکانی بەرەوکوردستان بەڕێ بکاوبەوفەرمانە ، خوێنی کورد ومالٌ ومولکی بۆ خومەینی چییەکان حەڵاڵ کراوبەشداری کردن لە کوشتنی ژن ومنداڵی کورد بەجیهاد لە پێناوی خودا ڕاگەیندرا.خەڵکی بێدیفاع وماف ویستی کوردستان سەرباری ئەوەی کە ئەرتەشێکی توکمە وهێزێکی بە نەزمیان نەبوو ،سەنگەری دیفاع وشەرەف پارێزیان هەڵبژارد. هەرلەو هەلومەرجە حەستەمداولە ڕێکەوتی٥ی خەرمانانی ١٣٥٩ قەوارەیکی ئاایینی وسیاسی بە ناوی سازمانی خەباتی نەتەوایەتی وئیسلامی کوردستانی ئێران دامەزراوهەرزوو بە سازدانی هێزی پێشمەرگە لە سەرانسەری کوردستان، ستوونی دیفاع وگیان بازی پێك هێنا وئازایانە لە مەوجودیەتی گەلی کورد وگەییشتن بە ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەی کورد دیفاعی کرد. سازمانی خەباتی کوردستان کە نەتەوەیی ونیشتمانیە ولە سەر ڕێبازی زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دامەزراوەپێشترلەچوارچێوەی دەفتەری مامۆستاکاری دەکرد، هەزاران کەس هاتنە ریزەکانیەوە ولە مەودای فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی کورد ودیفاعی بێ پێشوونەی خەڵکی کوردستان کە بە شەڕی سە مانگە بە ناوبانگە، ، زۆرترین زەربەی لە پاسدار وئالقە لە گوێیانی خومەینی وەشاند و لەوماوەدا دیان داستانی پڕلە سەروەری وقارەمانی کە شیاوی ریزگرتن وبەرزراگرتنە تۆمار کرد وبە خۆڕاگری ودارشتنی بەرنامە وپلانی شەڕ لە دژی بەسیجە کانی خومەینی،ئەوەی بە دوست و دوژمنانی قین لە دڵ وسوێند خواردووی گەلە بەشخوراوەکەمان سەڵماند کە کوردستان قەلای گەلی کورد، گۆڕستانی داگیرکەران ودوژمنانە. یەکێك لە داستانە لە بیر نەکراوکانی ئەو دیفاع وبەرەوروبوونەوە١٠ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨کە بە ڕۆژی پێشمەرگە سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران ناسراوە. خۆڕاگران وهاوباوەرانی سازمانی خەباتی کوردستان لە ماوەی بەرەوروبونەوەیان لە دژی هێرشی هێزەکانی خومەینی داستانێکی بێپێشونەیان لە مێژووی موبارزەی خوێناوی گەلی کورد تۆمارکرد.لەو ڕۆژەدا ستوونێکی پڕچەك ودڕندەی دژمن کە پاشماوەی نیزامی پاشایەتی وبە ناوی گاردی جاویدان و هێزی قودس خەڵکیان دەکوشت ،کەوتنە داوی هێزی پێشمەرگەی سازمانی خەبات وزۆرینەیان کوژران بریندرابوون وبەشێکی کەمیان توانیان خۆیان رزگار بکەن. ئەو داستانە مێژووییە سوتاندنی ٧٠ماشین و تانکی ئیسکورپینی لێ کەوتەوە. ئەو سەروەریە بە خوێنی ٨ ڕۆڵەی بە وەفای سازمانی خەبات بە ناوەکانی شەهیدان حسێن حسێنی وکەریمی ئەحمەدی وجەهانگیرمەولانی وحەسەن مەولانی وئەحمەد ئەحمەدی و جەلال ئەحمدپور و ڕەسول سالح زادەودەروێش ئەحمەدی ڕەسولی تۆمار کرا. ڕۆژی ١٠ی خەزەڵوەر ڕژیم تێك شکا و زەربەی گورچووبڕی هێزی پێشمەرگە لەرژیم ئەوەندە کاریگەر بوو کە خومەینی ناچار بوو فەرمانی ئاوەربڕ لەگەڵ خەڵکی کوردستان دەربکا و لەرادیۆوە ڕابگەێنێ کە "ئەی میللەتی کورد دەنگتانم بیست". هەرچەند نیەتی خومەینی بۆ خەڵکی کوردستان ڕوون بوو، بەلام بە هۆی هێندێك سازش و دووبەرەکی و ناکۆکی بەرین لەنێو جوڵانەوە دا، ئەو هەلە بۆ خومەینی ڕەخسا کە کەڵك لەو بارودۆخە وەربگرێ و لەماوەیێکی کەم دا هێزەکانی لەکوردستان سازمان بداتەوە و جارێکی دیکە لەگیان خەڵکی کوردستانیان بەربداتەوە. گرینگی ئەو ماوە لەوەدابوو کە جیاوازی نێوان هێزی خەڵك و خومەینی دەرکەوت و ئەوەش بۆ گەلی کوردستان و باقی نەتەوە ژێردەستەکان ڕوون بۆوە کە دیفاع و بەربەرکانێ لەگەڵ خومەینی و ڕژیمەکەی و تێکڕای داگیر و ماف پێشێلکەران تەنیا دەرووی ڕزگاری و سەروەری و بەختەوەریە.

١٠ی خەزەڵوەر ڕۆژی پێشمەرگەی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران کە لوتکەی سەرکەوتن و زاڵبوونە بەسەر ڕژیی ئاخوندی دا، ڕەمز و شوێنەواری قارەمانی و بەرخودانی خەباتکارانی بەباوەری سازمانە و لەماوەی ٣٠ ساڵ موبارەزەیدا ئەوەی سەلماندووە کە جێگەی هیوا و ئومێدی داهاتووی خەڵکی کوردستانە.

١٠ی خەزەڵوەر ڕۆژی پێشمەرگەی سازمانی خەبات ی کوردستان لەتێکرای ڕێبوارانی ڕێگەی پیرۆزی سازمان پیرۆز بێ.

# گۆڕان لە ناو کۆمەڵگای کوردەواری دا

جەلال خۆشکەلام

گۆڕانێکی سەردەمیانەوگونجاو لە پێناو بەرەوپێشچوونی ڕەوتی سیاسیوکۆمەڵاتیماندا بۆتە پێویستیەکی هەنووکەییوگرنگ لە بەردەم کۆمەڵگای کوردەواری دا ،بە چەشنێك

دەبێ تیشکی درەوشاوی ئەم گۆڕانە گشت کەنارێك بگرێوکەسی لێ بێبەری وبێخەبەر نەکرێ،بە پیچەوانەوە کارئاسانیوئامادە کاری بۆ بکرێ، تاکو بە شێوەیەکی باشوشیاو قالبی ئەم گۆڕانە بە ڕۆحیکی پتەو وە دڵفراوانێکی بێ ئەندازەوە، بە شێوەیەکی زانستیانە

و سەردەمیانە دابڕێژێ .گۆڕانێك کە بتوانێ سنورو مێژووی خۆی لە گەڵ سەردەمی پێشووی خۆیدا جیا بکاتەوە وقۆناغێك لە بەرەوپێشچوونوگەشەکردنی فیکریوڕۆشنبیری بێنێتە ئاراوەوخۆ ڕێکخستنەوە لە گەڵ دنیای ئەمرۆدا ئامانج وهەدەفی بێ.

سەرکەوتنی گۆڕانکاریەکی لەو شێوە پێویستی بە خەباتوتێکۆشانی بێ ووچان هەیە تاکو بتوانێ بە بێ جیاوازی چینایەتیوچەندایەتی دەسەڵات بەرهەمی بەپێزی خۆی پەرش وبلاو بکا،کە باس لە گۆڕان دەکرێ چەند پرسیارێك دروست دەبن کە وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە دەبنە هەوێنی سەرەکیوناوەڕۆکی گۆڕانکاریەکی سەرکەوتوو ،بە چەشنێك هەوڵدانوخۆ ماندوو کردنێکی زۆری بۆ دێنێتە ئاراوە دیالۆگێکی چڕوپڕ پێك دێنێ،لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵەوە یەکێك لە پرسیارانە چارەنوس سازانەی کە لەم باسەدا بەشێوەیەکی زەقوبەرچاو بەدی دەکرێ ئەوەیە کە ئایا گۆڕانێکی لەو شێوە لە سەر چ ئەساسێکوبۆ چیوچ جۆرە قوربانی دانێکی دەوێ تاکو بتوانێ مێژووی خۆیودیاری بکاوکۆمەڵگا بگۆڕێ؟

هەر گەلونەتەوەیەك لە دنیادا خاوەنی تایبەتمەندیوجیاوازی فیکری کەلەپووری تایبەت بە خۆیەتی کە ئەم جیاوازی فەرهەنگیوکلتوریانە، هەندێیك جار دیواری بەرزو بەربەستی سەخت دروست دەکەن لە بەردەم ڕێگای بەرەو گۆڕانو ئاشنا بوونوتێکەڵاوبوون بەکەلەپووری کۆمەڵەکانی تری دنیا .ئەم جیاوازیانە هەندێك جار خاسیەتوسیفەتی تایبەتی دروست دەکەن لە سەر چۆنیەتی ڕاهێنانوبارهێنانی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیوکلتوری، بە چەشنێك کە پیرۆزیوپەرەستنیان هێندە بە هێز وبە ساموخۆڕاگر دەبێ کە نەتوانێ نزیکیان بکەوی گۆڕانکاریان تێدا بکەوێ .وەهەر ئەمەش دەبێتە خاڵێکی سەرەکی لە بەردەم شکست هێنانی گۆڕان لە ناو کۆمەڵگادا.گەلی کورد یەکێك لەو گەلانەیە کە دیواری پیرۆزی بە دەوری خۆیدا هەڵچنیوەوئەم دیوارەش سنورێکی داخراویان لە گەڵ کۆمەڵگاوکلتوروفیکری گلوبالیزمی دەرەکیوجیهانی دروست کردووە .هەندێك لەم دیوارانە پێویستیان بە ڕووخانی یەکجاری هەیەوباقی بەربەست ودیوارەکانی تریش پێویستیان بە نۆژەن کردنەوەوچاکردنەوە هەیە،کەوابو دەبێ گەلی کورد ئەم جۆرە لە قوربانیە بکاتە قوربانی بۆ هاتنە ئارای سەردەمێکی نوێو درەوشاوە لە مێژووی خۆی دا، ئەمەش پێویستی بە هاوکاریو هاودەنگی تەواو هەیە لە بەینی جەماوەرودەسەڵاتدا بۆ ئەوەی بەرهەمی خەباتی نوێوژیانی نوێخوازیمان پڕ بێ لە کامەرانیو سەرکەوتن.ئەرکو وەزیفەی ئەم گۆڕانە دەکەوێتە سەر شانی هەموو تاکێك لە کۆمەڵ، لەوانەی کە دەسەڵاتیان بە دەستەو لەوانەش کە دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیان بە دەست نیە.هیچ کام لەم لایەنانە ناتوانن بە بێ لایەنەکەی تر درێژە بە ڕێڕەو بدەنوخەباتی لە پێناو بکەن ،بەڵام کۆمەڵ بە یەکگرتوویو یەکدەنگی دەتوانێ سنوری دەسەڵات لاواز بکات ئەگەر هات ودەسەڵات نەیویست چۆك دابداو لە پێناو گۆڕانێکی لەم شێوە یە لاسارودوری بکاتە ئامانجی خۆی بەرپرسیاری سەرەکیوئەساسیش لە قۆناغی یەکەمودووەم دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵات وئەوکەسانەی کە شارەزاییان هەیە لەم بوارەدا ،کە ئەویش کەسانی ئەکادیمی و کۆمەڵناس و وکلتورناسو...هتد دەگرێتەوە.

ئەم بابەتە ووردبوونەوە نیە لە سەر چ خاڵێك کە دەبێ گۆڕانیان تێدا بکرێ،بەڵکوو بەشێوەیەکی گشتیی لە سەر پێویستی گۆڕانوچۆنیەتی خۆ ئامادە کردنە بۆ گۆڕانکاریەکی شیاو سەرکەوتووانە لە ناو کۆمەڵگای کوردەواریدا .لە هەمان کاتیش دا دەکرێ ئیشارە بەچەند پرسگەلێکی هەنووکەیی بکرێ کە لە ئێستادا بوونەتە نموونەی ناشیرینیوناڕەوایی لە ناو کۆمەڵگای ئێمەدا ،ئەویش پرسی بەرەوە دیمۆکراسی بوونی دەسەڵات کۆمەڵولە هەمان کاتیشدا خۆ گونجاندن و گۆڕان بە سەر یاساودەستووری وولاتداو هەروەها دیاردەی پیاوسالاری وشێوازی پەروەردە کردنی سەقەتی منداڵانوگەنجەکانمانە لە لایەن کۆمەڵ و کەس وکار و دەوروبەریانەوە کە دەبێ بە ڕاستی لە هەوڵەکانمان کۆڵ نەدەین ،تا مژدەی سەرکەوتنی سەردەمێکی نوێ نیشانی خۆمانودەوروبەرمان بدەینوکێشەی ڕەوای خۆمان بەرەو کێشەیەکی جیهانیوچارەسەرێکی پێویستوشیاو بەرین.